جیهادکردنی ئێوه بریتیه له حەج کردن

له عائیشه دایکی ئیماندارانەوه -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: داوای مۆڵەت پێدانم کرد له پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەوەی جیهاد ئەنجام بدەم، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «جیهادکردنی ئێوه (ئافرەتان) بریتیه له حەج کردن».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

له عائیشەوه -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت که ئەو داوای مۆڵەت وەرگرتنی له پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد بۆ ئەوەی جیهادی لەگەڵدا بکات ئەمیش بەهۆی فەزڵ وپلەی جیهادەوه، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆی ڕوونکردەوه که ئەنجامدانی جیهاد وڕووبەڕووبونەوەی دوژمنان ڕێگەپێنەدراوه بۆ ئافرەتان؛ چونکه ئەوان به زۆری لاشەیان لاوازه وهەست وسۆزیان زیاتره، وئارام ناگرن لەسەر ناڕەحەتی ومەترسییەکان، وئەمیش ڕێگر نابێت لەوەی ئافرەتان چارەسەری برینداڕەکان بکەن، یان ئاو بدەن به تینووەکان، وهاوشێوەی ئەمانه. ئوم عەتیه -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەشداری حەوت غەزام -هەڵمەتی ڕزگاری کردنم- کرد؛ پاسەوانی شتومەکەکانیانم دەکرد، وخواردنم بۆیان دروستدەکرد، وبرینداڕەکانم چارەسەر دەکرد، وگرنگیم به نەخۆشەکان دەدا) [رواه مسلم]. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- به عائیشەی فەرموو جیهادکردنی ئێوه له ئەنجامدانی حەجدایه، وچواندنی حەج وعومرە به جیهاد ئەمیش بەهۆی ئەوەیه که حەج وعومرە کردن سەفەر وکۆچکردن ودووربوونەوەیه له وڵات وداپرانه له بنەماڵه ومەترسیەکانی ڕێگاوبان وماندووبوونی لاشه وخەرجکردنی پاره وسامانی تێدایه. ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: (ئوم سولەیم -دایکی سولەیم- شمشێرێکی -خەنجەرێکی- هەبوو له ڕۆژی حونەیندا -جەنگی حونەیندا-، وبه پێغەمبەری فەرموو -صلى الله عليه وسلم-: ئەم خەنجەرەم له لایه ئەگەر کەسێک له موشریکەکان لێم نزیک ببێتەوه ناو سکی بۆ دەکەمەوه -ناو سکی دەدڕم-) [رواه مسلم]، ئەمیش بەڵگەیه بۆ ئەوەی که دروستە ئافرەت بەشداری له جەنگ بکات بەڵام تەنها بۆ بەرگری کردن له خۆی ئەگەر کەسێک هێرشی کردە سەری، نەک مەبەست ئەوه بێت که بەشدار بێت له گۆڕەپانی جەنگ وهێرش بکاته سەر دوژمنان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64598